المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
عدد خاص لأبحاث المؤتمر الدولي الاول للعلوم الاجتماعية والانسانية
2022 / 8 / 22-21
اربيل- العراق
مركز مشورة للدراسات والتنمية

# دەلالەی کۆمەڵایەتی پەندی پێشینانی کوردی

پ .ی .د تارا عبدالله سعيد قادر

زانكۆی سلێمانی -بەشی زمانی كوردی-كۆلیجی زمان

**Abstract**

This research explains the social indications of Kurdish semantics analysis of its proverbs, and the cradle of its public heritage customs and traditions thus popular proverbs have been always a component of that considerable patrimony because they are the reflection of the human life existence and experiences add to that they manifest society with its variant social classes throw which we can identify the different ties of the one society from the relationship between the upper the lower classes up till the connections in one family .

Popular proverbs have set the most basics and principals which individual need, so that he could compote himself or haves if properly and be well behaved by leaving behind all the poor manors and the bad behaviors that spoil our community fundamentals and ruin its peacefulness.

**Key words**: Social signs – Proverbs – Popular.

## الوساطة الاجتماعية للأمثال الكردية

تارا عبدالله سعيد قادر

جامعة السليمانية - قسم اللغة الكردية - كلية اللغات

**الخلاصة**

تدور فكرة البحث حول الدلالات الاجتماعية في الامثال الشعبية في المجتمع الكردي . الامثال الشعبية جزء من الموروث الشعبي ، فهي مرآة عاكسة لمختلف تجارب حياة الفرد و تعبر عن مختلف طبقات المجتمع و فئاته ، فمن خلالها نستطيع نتعرف على مختلف العلاقات القائمة داخل المجتمع الواحد بداء بعلاقة الفئة الغنية بالفئة الفقيرة وصولا الى العلاقات الاجتماعية داخل الاسرة ،كما انها اي الامثال الشعبية ، قد وضعت للفرد قواعد و اسس ، من اجل تقويم سلوكه و توجيهه نحو السلوك السوي و دعوته الى تجنب السلوكيات المنبوذة التي تنهش بنية المجتمع و تؤدي الى زعزعت استقراره .

الكلمات المفتاحية : الدلالات الاجتماعية – الامثال الشعبية

**دەلالەی کۆمەڵایەتی پەندی پێشینان**

پوختەی توێژینەوەکە :

پەندی پێشینان کایەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤە ، بەشێکی گەورەیە لە میراتی میلەتێک .پەندی پێشینان ئاوێنەیەکە رەنگدانەوەی ئەزمون و تاقیکردنەوەیجیاوازەکانی ژیانی تاکە و گوزارشت لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ دەکات ، هەر لە رێگەی ئەویشەوەئەتوانین بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەجۆربەجۆرانە، ئاشنابین کە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵێکدان ، هەرلە پەیوەندی نێوان چینی دەوڵەمەند بە چینی هەژارەوە ، هەتا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانێک لەگەڵ یەکتر لەناو خێزانەکەدا . دیسان پەندی پێشینان چەند یاساو رێسایەکی بۆ تاک داناوە کە ئامانجەکانیان راستکردنەوەی رەوشتێتی و هەروەها رێنمایشی بکات بۆ هەڵسوکەوتی دروست و دورکەوتنەوەی لەورەوشتە شاز و نەخوازراوانەی کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر دەبەن هەرەشە لە سەقامگیریی دەکەن .

میتۆدی توێژینەوەکە :

سروشتی بابەتەکە ، وا دەخوازێت کە دابەشبکرێت بەسەر دو بەشدا ، لە بەشی یەکەمدا : پێناسەی پەندی پێشینان کراوە و دواتر تایبەتمەندییەکانی لەچەند خاڵێکدا خراونەتەرو.

کلیلە وشە: زمان ، کلتور ، کۆمەڵ ، رەوشت . واتاسازی-دەلالەی کۆمەڵایەتی.بەها.

**<u>پێشەکی:</u>**

ئەرکی ئاسایی زمان ،گەیاندنی وێنە هۆشەکییەکانی مێشکی قسەکەرە بۆ گوێگر ، واتە گەیاندنی واتای فەرهەنگی وشە بەکارهاتووەکان لەلایەن قسەکەرەوە،بەمەبەستی تێگەیشتن، ئەمە لە سەرەتای پەیدابونی زماندا ،بەڵام پاش ئەوەی مرۆڤ بو بە خاوەن شارستانییەت ،ژیانی مرۆڤ ئاڵۆزتر بو ، پێویستیکرد کە چەمکی تێگەیشتن فراوانتربێت،واتە واتای وشەکان لە بەکارهێناندا واتای فراوانتر وجیاجیا بگەیەنن ، ئەم فراوانبونەش لە چەند دیاردەیەکدا رەنگیدایەوە ، کە پەندی پێشینان ، یەکێکە لەوان .

بەرەنگاربونەوەی دوژمنان پرۆژەیەکی شارستانی رەسەنە ، بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی هەر میلەتێک و دەرخستنی ئیرادەی بەهێزی گەلەکانە، تا لەرێگەیەوە خەونە زەوتکراوەکانی ئایندە بێتەدی . بەرەنگاربونەوە تەنیا هەر بە چەک نییە ،بەڵکو بەرگریکردن لە زمان و کلتور و پیرۆز-

ییەکان و شوناسی نەتەوەیی ، ئەویش بە قەڵەم وهونەری ئەو خەمخۆر و نیشتیمانپەروەرانەی کە بەردەوام وەک شورەیەکی بەهێز و سەنگەرێک لە پشت نەتەوەکەیان راوەستاون ،دەنوسن ودەپا-

رێزن ، کە ئەمەش چەکێکیتری بەهێز و کاریگەرە بۆ بەگژداچونەوەو خزمەتی نەتەوەییمان ،نمونە

-ش : پیرەمێردی نەمر، مامۆستا عەلادین سەجادی ، شێخ محەمەدی خاڵ ،سەید حەبدولحەمید حیرەت سەجادی ، د.حەمید عەزیز ، بەختیار سەجادی ، عەبدولخالەق مەعروف ، شەوکەت مەلا ئیسماعیل ، رەند زراعی ، و چەندین بەرێزی تریش هەن ،کە چ بە کۆکردنەوەو چ بە چاپکردنیان .

لەم بوارەدا ، خزمەتیان کردوە بە دڵسۆزی و ڕۆڵێکی کاریگەر وسەرەکیان لە پاراستنی کلتور وسامانی ئەدەبی کوردیدا ، هەبوە و هەیە .

باسەکەم لەم بوارەدا لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە ، لەبەشی یەکەمدا پێناسەی پەندی پێشینان کراوە لەگەل مێژویدا و دواتریش جیاوازی نێوان پەند و ئیدیۆم خراوەتەرو ، ئینجا ئەرکەکان و رۆل و گرنگی پەندی پێشینان باسکراوە .

هەرچی بەشی دوەمە پێکهاتوە لە : کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا عەلادین سەجادی و رۆڵی لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا و بە تایبەتی لە کۆکردنەوەی پەندی پێشیناندا و دیاریکردنی بەرهەمە بە نرخەکانیدا .

دواتریش لێکدانەوەی دەلالەتیی کۆمەڵایەتی هەندێک لەو پەندانەی کە بەرهەمەکانی مامۆستا عەلادیندا هاتوە

دواتریش ئەنجام و پێشنیاز .

**<u>ا- پێناسەی پەندی پێشینان:</u>**

ئەرکی ئاسایی زمان ،گەیاندنی وێنە هۆشەکییەکانی مێشکی قسەکەرە بۆ گوێگر ، واتە گەیاندنی واتای فەرهەنگی وشە بەکارهاتوەکان لەلایەن قسەکەرەوە،بەمەبەستی تێگەیشتن، ئەمە لە سەرەتای پەیدابونی زماندا ،بەڵام پاش ئەوەی مرۆڤ بو بە خاوەن شارستانییەت ،ژیانی مرۆڤ ئاڵۆزتر بو ،پێویستیکرد کە چەمکی تێگەیشتن فراوانتربێت،واتە واتای وشەکان لە بەکارهێناندا واتای فراوانتر وجیاجیا دەگەیەنن و کتومت واتا فەرهەنگییەکە نین، ئەم فراوانبونەش لە چەند دیاردەیەکدا رەنگیدایەوە ،کە پەندیپێشینان ،یەکێکە لەوان.

پەندی پێشینان یان بڤێژ(کرمانجی ژورو) ،مەصەڵ (هەورامی) ،زەربولمەسەل، (لوڕی) ، پەن (زازاکی ) هەمو ئەوشتانەن ، کە باووباپیرانمان وتویانە لە ئەنجامی ئەوهەڵوێست و تاقیکردنەوانەی پێیدا تێپەڕبون،کەواتە پەندی پێشینان بریتییە لە حیکمەی زارەکی میلەتان ،کە هەڵگری کلتوری نەوەکانی پێشوترن. (١)

پەند بەرهەمێکی فۆلکلۆری زۆر کۆنی باوو باپیرانە ،لە ئەنجامی بەسەرهات و کارەساتەوە ، لە هەمو بوارێکی ژیاندا،کە بەسەریان هاتوە و جۆرە پەندێکیان لێوەرگرتوە ولە چوارچێوەی چەند رستەیەکی کورت و رەواندا،یان لە هەڵبەستێکی سادەو ئاساندا، رێکیان خستوە. پەندەکان هەریەکەیان وانەیەکی جوان بە دەستەوە دەدەن،کە سەیریان دەکەین هەمو لایەنەکانی ژیانییان گرتۆتەوە لە هەمو بارێکدا ،پەندگێڕەرەوەکان ،مەبەستیان وشیارکردنەوەو فێرکردنی بەرامبەرەکەیانە ،بۆ ئەوەی بەو هەڵانەدانەچنەوە،کە کەسانی پێش خۆیان کردویانە و ئەگەر بیەوێت هەر کارێک بکات،بزانێت لەکوێوە دەستپێدەکات .زۆربەی کات پەند گێڕەرەوەکان یان ژنی بەتەمەنن ،یان پیاوی بە تەمەنن،کە بەهۆی ئەزمونی ژیان و تەمەنەوە ئەقڵیان کامڵ بوە و هەست بە بەرامبەرەکەیان بە باشی دەکەن. پەندی پێشینان بریتییە لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پەتی، کە پێکەوە نووسێنراون، واتایەکی بەرزیان پەیدا کردووە. مەبەست لە پەند ئەو گوتەیەیە، کە زۆر بڵاوبووەتەوە و لە هەموو لایەکەوە باوە، ئەمەش یان لەبەر ئەوەی بیرێکی فەلسەفی قووڵ بە خۆوە دەگرێت، یانیش لە بەرئەوەی گوزارشت لە بنەڕەتێکی عەقیدەیی دەکات، کە ئەمە زۆر جار بە دانایی (حیکمەت) یش ناودەبرێت .
پەندەکان هەریەکەیان وانەیەکی جوان بەدەستەوە دەدەن ، کە دەیانخوێنینەوە بۆماندەردەکەوێت ، کە بە هەمو لایەکی ژیاندا ، شۆڕبونەتەوە ، لە هەمو بارێکدا ، پەندگێڕەوە کان مەبەستیان وشیارکردنەوە و فێرکردنی بەرامبەرەکەیانە لە هەرزەکار و گەنجەکان، بۆ ئەوەی بەو هەڵانەدا نەچنەوە ، کە کەسانی پێش خۆیان ، کردویانە ،

لەکاتی هەڵسوڕانی کارەکانییاندا ، لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییاندا بزانن لە کوێوە دەستپێبکەن ، چونکە زۆربەی کات ، پەندگێڕەوەکان ژنی بەتەمەن، یان پیاوی بە تەمەنن ، کە بەهۆی ئەزمونی ژیان تەمە نەوە ، ئەقڵیان کامڵ بوە و بە ئاسانی هەست بە بەرامبەرەکەیان دەکەن . دوژمنی زانا ، نەک دۆستی نەزان . دەوڵەمەندی بە دەڵە ، بە ماڵ نییە ، گەورەیی بە ئەقڵە ، بە ساڵ نییە . (٢)

ئەوانەی سەرەوە ، نمونەی پەندی پێشینانی کوردین ، زۆر پێویستە ، لەکاتی قسەکردنی ڕۆژانەدا ، گرنگی تایبەتی بدەین بە بەکارهێنانی پەندی پێشینان بە شێوەیەکی بەردەوام ، چونکە زمان پاراوتر و خاوێتر دەکات . پەندەکان هەریەکەیان پەندێکی جوان بە دەستەوە دەدەن ، کە سەیریان ئەکەین ،بەهەمو لایەکی ژیاندا ، شۆڕبونەتەوە، لەهەمو بارێکدا ،پەندگێڕەوەکان، مەبەستیان وشیارکردنەوەو فێرکردنی بەرامبەرەکەیانە ، بۆ ئەوەی بەو هەڵانەدا نەچنەوە کە کەسانی پێش خۆیان ، کردویانە و لە کاتی ئەنجامدانی هەر کارێکدا بزانن لە کوێوە دەستپێدەکەن . زۆربەی کات ، پەند گێڕەرەوەکان یان ژنی بەتەمەنن ، یان پیاوی بەتەمەنن ، کە بەهۆی ئەزمونی ژیان تەمەنیانەوە ، ئەقڵیان کامڵ بوە و بە ئاسانی هەست بە بەرامبەرەکەیان ،دەکەن . کورد لە لایەن پەندی پێشینانەوە ئەدەبێکی بەرزی هەیە؛ پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراون، مەعنایەکی بەرزیان تێدایە. لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانێکی کوردی، چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕیان -چە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چە لە باری ڕەوشتی خێزانی و کەین و بەینی ژیانی تێکڕایی، چە لە باری دەوڵەمەندی و هەژاری و پایەی دونیاییدا- پیشان ئەدەن. لە پەندی پێشینانی کوردیدا وە نەبێ حکمەت و ئەدەب لە کۆشکێکی گەورەدا دابڕژێت و ئینجا وردە وردە سەر بکا بە ژوورەکانی کۆشکەکەدا، واتە: وە نەبێ حیکمەت لە قاعیدەیەکی عاممەدا باس بکا و ئینجا جوزئییات دابگرێتەوە، بەڵکو چاکییەکەی کە شتێکی بچووک ئەڵێت، بەڵام ئەتوانرێ گەلێ شتی زل و گەلێ کارەساتی پێ بچوێنرێت. هەروەها کە سەیری ئەم پەندانە ئەکرێ پیاو وای بەرچاو ئەکەوێ کە لە کۆخێکی تەریک لە ئاوەدانییەوە سەری هەڵداوە و هیچ شارستانێکی نەدیوە، کە چی بۆ چۆنیەتی شارەکەش زۆر بە پوختی ئەگونجێ. لێرەدا تۆزێ لەگەڵ پەندی پێشینانی «عیبری»دا لێک نزیک ئەبنەوە.

لە پەندی پێشینانی کوردیدا وە نەبێ حکمەت و ئەدەب لە کۆشکێکی گەورەدا دابڕژێت و ئینجا وردە وردە سەر بکا بە ژوورەکانی کۆشکەکەدا، واتە: وە نەبێ حیکمەت لە قاعیدەیەکی عاممەدا باس بکا و ئینجا جوزئییات دابگرێتەوە، بەڵکو چاکییەکەی کە شتێکی بچووک ئەڵێت، بەڵام ئەتوانرێ گەلێ شتی زل و گەلێ کارەساتی پێ بچوێنرێت. هەروەها کە سەیری ئەم پەندانە ئەکرێ پیاو وای بەرچاو ئەکەوێ کە لە کۆخێکی تەریک لە ئاوەدانییەوە سەری هەڵداوە و هیچ شارستانێکی نەدیوە، کە چی بۆ چۆنیەتی شارەکەش زۆر بە پوختی ئەگونجێ. لێرەدا تۆزێ لەگەڵ پەندی پێشینانی «عیبری»دا لێک نزیک ئەبنەوە.

داهاتنی پەندی پێشینان لە وەختی خۆیدا سەرچاوەکەی ئەمە بووە کە: کابرایەک کارەساتێکی چاوپێکەوتووە، قسەیەکی بەپێی ئەو کارەساتە کردووە، قسەکەی دەماودەم چووە و ماوەتەوە و بووە بە پەندی پێشینان، لەپاش ئەوە هەر شتێکی تر ڕووی دابێت -کە لەگەڵ سەرچاوەی پەندەکەدا تۆزێ ئاشنایەتییان بێت- خێرا ئەو پەندەی بۆ ئەوترێ. مەسەلا لە وەختی خۆیدا کابرایەکی دەوڵەمەند کوڕێکی ،خۆی بڵاو ئەکردەوە. باوکەکەش بێجگە لە ئامۆژگاریکردنی دڵی نەئەهات هیچی تری لەگەڵ بکا. یەکێک لەو ئامۆژگارییانەی کە کردی پێی وت: ڕۆڵە لە خۆڕایی ئەم ماڵە بە دار و بەرددا مەدە «ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە». واتە: هەمو ڕۆژێ تۆ لەسەر ئەم خەزێنەیە نابیت، پشت بە دونیا نابەسترێ، گەلێ ڕۆژی ناخۆشی لەشوێنە. قسەکەی بوو بە پەندی پێشینان و بڵاو بوەوە. ئیتر هەر شتێک وەکو ئەم کارەساتە بێ ئەم پەندەی بۆ ئەوترێت ..

زەوقی کوردی لە پەندی پێشینانا پێویستی بەوە نییە کە سەرچاوەی باس و خواسی هەمو پەندەکان بزانیت، کە چی بوە و چی نەبوە، هەر کە سەرەی قسەیەک هات، قسەکە ئەکا و پەندێک کە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو قسەدا هەبێ لەگەڵی دێنێتەوە .

ماموستا عەلادین سەجادی لە کتێبەکەیدا ( دەقەکانی ئەدەبی کوردی ) دا، لاپەرە ١٤٩ ، دەڵێت: لەناو کورددا نەخوێندەوارەکان ،زیاتر پابەندن بە پەندی پێشینانەوە تا خوێندەوارەکان ،تەماشا ئەکەی کوردێکی دور لە شارستان و دور لە خوێندەواری، لەگەڵ بابەتێک باس دەکا خێرا بۆ پشتیوانی و چەسپاندنی بابەتەکەی پەندێکی پێشینان دێنێتەوە و دەڵێ : پێشینان وایان وتوە ،یا قەیمیی گەل وتگیانە .

دیسان ئەمە شتێکە لەو شتە تایبەتییانە کە هەر لە کورددا هەیە، کورد زۆر پابەندە بە پەندی پێشینانی خۆیەوە .

**مێژوی پەندی پێشینان :**

کورد یەکێکە لەو میلەتانەی کە لە کۆندا زۆر گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە مێژو و زمان و کلتورو داب و نەریتی خۆی نەداوە بە پێی پێویست ، بەڵام خۆشبەختانە هەندێک لە نوسەرو مسیۆنێرەکان ، بۆ هەر مەبەستێک بێت ، زانیاری باشیان سەبارەت کورد کۆکردۆتەوە لەهەمو کایەکاندا ، کە ئەمرۆ وەک خەزێنەیەک وایە بۆمان .

- هیچ کەس نازانێت بەتەواوی وبە وردی مێژوی پەندی پێشینان بۆ کام سەردەم دەگەڕ

-ێتەوە ،لە روانگەی ئەروپییەکانەوە ، لە روی بەکارهێنانی پەندی پێشینان وکارپێکردنی بەبێ نوسینەوەی ، مێژوەکەی بۆ ( ٥٠٠ تا ٦٠٠ ) ساڵ لەمەوبەر ، دەگەڕێتەوە ، بۆ نمونە : کاتێک باوکێک کە ویستویەتی ئامۆژگاری منالەکان و نەوەکانی بکات ، لەرێگەی پەندەکانەوە بوە، کە ئەمیش زیاتر روانگەیەکی ئاینی وەرگرتوە لەو باوەرەوە کە گوایە ئەم پەندانە لە سەر زاری حەزرەتی مەسیحەوە هاتون و لە لایەن خواوە نێردراون ،بۆیە هەمیشە بەرز نرخێنراون و کاریان پێکراوە ، بەڵام هەر لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی ، چ لە چواچێوەی کتێب ، یان فەرهەنگ ( لێکسیکۆن) دا کرابێت ، مێژوەکانیان زۆر کۆن نین و مێژوەکانیان دەگەڕێنەوە ، تەنیا بۆ ( ١٥٠ تا ٢٠٠ ) ساڵ لەمەو پێش . کە لەم کاتەدا ، لە ئەوروپا لێکۆلینەوە لەم بابەتە رەوتێکیتری وەرگرت ، ئەو دەقانەی کە بە لاتینی نوسرابون بەهۆی ئاینی مەسیحییەوە، هەوڵیان بۆدرا کە وەربگێردرێن بۆ زمانەکانیتر بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی .

- هەرچی لە روانگەی کۆمەڵێ زانا و نوسەرەوە ، بەتایبەتی ئەو نوسەرانەی کە لە بوار مێژوی ناوچەی میسۆپۆتامیادا لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە ، مێژوی بەکارهێنانی پەندی پێسینان لەم ناوچەیەدا وەک ئەدەبێکی زارەکی کارپێکرابێت لایەنی کەم بۆ ( ٥ تا ٨ ) هەزار دەگەڕێتەوە ، ئەمە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانانەی کە لەلایەن یەکێکی وەک ( ئۆرگن لاسوا ) وە ، ئەنجامدراوە ، ئۆرگن پیاوێکی ئاینی ، واتە قەشە و مسیۆنێر بوە ،کە ساڵی ( ١٨٩٥ ) کتێبەکەی بەناوی ( رێزمانی زمانی سوریانی ) واتە زمانی ئاسوری ، نوسیوە کە دواتر لەلایەن زانکۆی ئۆکسفۆردەوە گرنگی پێدراوە و چاپکراوەتەوە ، دیسان ( ١٢٧) ساڵ لەمەوبەر لەلایەن ( ئارسەر جۆن ماکلین ) ەوە ،کتێبێکی (٣٣٤) لاپەرەیی بە ناوی (فەرهەنگی وشەی سریانی ) چاپکراوە، کە هەر بە خو ێندنەوەی پێشەکییەکەی هەردو کتێبەکەدا دەردەکەوێت کە ناوەرۆکی هەردو کتێبەکە تەنیا باسی زمانی سریانی ناکات ، بەڵکو باسی گشتییە لەسەر رێزمان و رێنوسی زمانی سریانی و لەگەل ئەوەشدا باسی زمانی کوردیش دەکات وەک مسیۆنێرێک لەو روانگەیەوە کە کوردیش یەکێک بوە لەو میلەتانەی لە ناوچەی میسۆپۆتامیا ، ژیاوە . (٣)

**پەندی پێشینان و ئیدیۆم :**

ئیدیۆم یان ئیدیەم دەستەوشە و دەستەواژەشی پێدەوترێت ، پێشتریش پێناسەی پەندی پێشینانمان کرد.

پەندی پێشینان و ئیدیۆم ، هەردوکیان بەشێکن لە زمان و ئەدەب و کلتوری میلەتیک ، کە هەندێک جار زۆر بە زەحمەت لە یەکتر جیادەکرێنەوە ، لەبەر ئەوەی زۆر لایەنی هاوبەشیان هەیە ،لەهەمان کاتدا لایەنی جیاوازیشیان هەیە .

پەندی پێشینان بە دەربڕینێک دەوترێت کە لە زمان و کلتورێکدایە ، لەناو کۆمەڵێک خەڵکدا بەردەوام دوپات دەبێتەوە و ئەبێتە شتێکی باو ووێردی سەرزمان ، کە بەهۆی ئەزمونێکەوە لە رابوردودا بابەتێک تاقیکراوەتەوە و دەشێت لە ژیانی رۆژانەی ئەمڕۆشدا بونی هەبێت و بەکاربهێنرێت و سودی لێوەربگیرێت و بوترێتەوە . تایبەتمەندێتی پەندی پێشینان ئەوەیە کە، لەپاڵ ئەوەدا کە هەڵگری ئاواز و ریتمێکە ، هەڵگری زانیارییەکە بەهۆی روداوێک یان چیرۆکێکە ،کە زۆر پێشتر رویداوە .مەرجیش نییە هەمو کەس ئاگاداری ئەو چیرۆک یان روداوەبێت لەکاتی بەکارهێنانی پەندەکەداو مەرجیش نییە لەگەڵ کاتی ئێستادا بگونجێت ،بەڵام زانیارییەک لە رێگەیەوەهەر دەگات. چونکە ئەوە شتێکە لەرابوردودا رویداوە بەپێی ئەزمونێک وبەردەوام وتراوەتەوە هەتا بوە بەشێک لە کلتوری ئەو میلەتە،ئەمەش شتێکی باشەو خۆی لە خۆیدا خزمەتی زمان دەکات ،هەر بۆیە زۆر بەجێیە کە گرنگی بە فۆرم و لایەنی زمانەوانی بدرێت، لە کاتی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە ، لە هەریەک لە پەندو ئیدیۆمدا .جاری وا هەیە پەندێک لەچەند دیالێکت و بەشە دیالێکتێکدا ، بە فۆرمی جیاواز دوبارەدەبنەوە، کە ئەمەش گرنگی خۆی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە هەر زمانێکدا ، کەواتە هێشتنەوە و بەردەوام بەکارهێنان و زیندوڕاگرتنی ئەو پەندانە لە فۆرمی جیاجیادا ، گرنگن بۆ پاراستنی زمان.

هەرچی ئیدیۆمە زیاتر لایەنی زمانەوانی پێوەدیارە ، واتە تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراوە هەرچەندە هەندێک جار پەندێک و ئیدیۆمێک بەڕادەیەک لەیەکتر نزیکن ، کە جیاکردنەوەیان ، کامیان پەندە وکامیان ئیدیۆمە، کارێکی ئاسان نییە. بەڵام بەگشتی وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئیدیۆم تایبەتە بە زمان و کلتورێکی تایبەتییەوە ،بۆیە ناکرێت لە زمان و کلتورێکیتردا، بە هەمان فۆرم و شێوە ، بەکاربهێنرێت ، لەبەر جیاوازی میلەتان لە زمان و کلتوردا ، کەواتە هیچ رێگایەک نییە بێجگە لەوەی هەوڵبدرێت ، کە هاوتای ئەو ئیدیۆمە لە زمان و کلتورەکەیتردا ، بدۆزرێتەوە . بۆ نمونە : لە ناوچە بەستەڵەکەکانی باکور و باشوردا دەوترێت :

( Selling ice cubes to polar Bears )

ئەم ئیدیۆمە تەیبەتە بەخەلکی ناوچەیەکی بەستەڵەکی دیاریکراوەوە ، بەڵام لە ناوچەو زمان وکلتورێکی جیاوازدا بەکارنایەت ، ( فرۆشتنی سەهۆڵی شەشپاڵو بە ورچی بەستەڵەکەکان ). لەناو کوردا بەم فۆرمە نابیسترێت و بەکارنایەت .بەڵام لە وڵاتی میسر ، کە خاوەنی شارستانییەکی زۆر کۆنن ، دەگەڕێتەوە بۆ هەشت هەرار ساڵ پێش ئێستا ، لەکلتوری ئەواندا دەوترێت ( يبيع المايه فی حاره السقايين .) واتە لە گەڕەکی ئاو فرۆشەکاندا ، ئاو دەفرۆشێت. لەبەر ئەوەی دو زمان و کلتوری جیاوازن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردو ئیدیۆمەکە یەک واتا دەبەخشن بەلام لە دو فۆرمی تەواو جیاوازدا دەرکەوتون .بەڵام نمونەمان هەیە لە پەندی پێشیناندا هەیە ، کە لە چەند زمانێکدا خاوەنی هەمان فۆرمن ، بۆ نمونە :

A bird in the hand , better than two on the tree .

عصفور في اليد ، خير من الف على الشجره .

له روی پێکهاتنەوە ، پەندی پێشینان دەکرێت رستەیەکی کورت یان درێژبێت ، بەڵام ئیدیۆم بە شێوەیەکی گشتی لە دەستەواژەیەکی کورت پێکدێت .

پەندی پێشینان هەمیشە خاوەنی ئاواز و ریتمێکی تایبەتە ، هەرچی ئیدیۆمە مەرج نییە خاوەنی ئاواز و ریتمێکی تایبەت بێت ، ئەگەر خاوەنیشی بێت ئەوا هیچ رۆڵێکی نابێت لە تێگەیشتنی واتاکەیدا کە لە پەندا رەچاودەکرێت .

کەواتە ئیدیۆم ناگونجێت لە زمانێکەوە ببرێتە زمانێکیتر.

لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت هەریەک لە پەندیپێشینان و ئیدیۆم چۆن جیاوازییان هەیە

بەهەمان شێوە لایەنی لێکچونیشیان هەیە،گرنگترین خاڵێ لێکچون و هاوبەشیان ئەوەیە

کە ئەتوانرێت هەردوکیان بە قەڵغانێکی بەهێز دابنرێن بۆ پاراستنی زمان و هێشتنەوەی

بە پاکی و پاراوی ، واتە پاراستنی وشەی فەرهەنگی رەسەنی هەر زمانێک بۆ نمونە :

لە کاتی قسەکردنی ئاسایی رۆژانەدا ، ئەتوانینوشە گۆرکێ بکەین یان پەنابەرین بۆ وشەی بێگانە بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەکی دیاریکراو کە مەبەستمانە بیگەیەنین بە گوێگر

یان خوێنەر ،بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی پەند یان ئیدیۆم ، پێویستە وشە بەکارهاتوەکان هەمان وشەی رەسەن بن بەهەمان فۆرم کە لەرابوردودا ، بەکارهێنراون ( ٤ ) ، بەم شێوەیە

فۆڕم و رەسەنایەتی دانە فەرهەنگییەکان پارێزراو دەبن و ناگۆڕدرێن و هەر وەک خۆیان دەمێننەوە ، بۆیە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەم دو رەگەزە رۆڵێکی بەرچاو و

هەرە گرنگیان هەیە لە نەگۆڕانی زمان و مانەوەی بە پاراوی و زیندوێتی و یانیش بە پێچەوانەوە پشتگوێ خستنیان و بەکارنەهێنانیان بە بەردەوامی لە ژیانی رۆژانەدا بە فۆرمە رەسەنەکەی ، دەبێتە هۆی لاوازبونی زمان و بگرە ، لەوانەیە مردنیشی لە ماوەی چەند سەدەیەکدا .

**ئەرکاکانی پەندی پێشینان:**

یەکێک لە تایبەتمەندێتییەکانی پەندی پێشینان ئەوەیە کە لە روی واتاوە، چڕوپڕە، و وردە لە دەربڕیندا ، هەر ئەمەش وایکردوە کە لە هەمو بەشەکانیتری ئەدەبی میلی ، لەناو هەمو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا ، بلاوتربێت ، لەروی گەیاندنی ئەزمونی خەڵکی لە ژیاندا ، لەڕێگەی چەند وشەیەکی کورتی پڕواتاوە ، بەمەش بەمەش چەند ئەرکێک جێبەجێدەکات لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا بەپێی کات و بابەت. (٥)

بێگومان هیچ شتێک لە ژیانی مرۆڤدا ،لەخۆوە ، نەهاتۆتە کایەوە ، بەڵکو پێویستی ژیان وایکردوە ، هەروەها پەندی پێشینانیش وەک هەمو داهێنانەکانیتری مرۆڤ ،بۆ بەجێهێنانی چەند ئەرکێک هاتۆتە کایەوە ،کە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**١-ئەرکی پەیوەندیکردن :**

گەورەترین ئامانجی پەندی پێشینان پەیوەندیکردنە ، پەیوەندی ئەندامانی کۆمەڵ بەیەکەوە ،لەلایەک، پەیوەندی کۆمەڵێک لەگەڵ کۆمەڵانیتر ،لەلایەکیترەوە . پەندی پێشینان ئەزمونی کەسانی پێشو(قەیمی) ئەگوێزێتەوە بۆ نەوەی نوێ لەم رێگەیەشەوە ئەو ئەزمونانە پارێزراو دەبن. ئاستی رۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوە و بۆچونی ئەندامانی کۆمەلگایەک بەرامبەر ژیان ،بەهۆی پەندی پێشینانەوە ،دەردەکەون .

**٢-ئەرکی دڵخۆشکردن:**

مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە خۆشی کات بەسەربردن و پێکەنین هەیە ، بێگومان پەندی پێشینان ئەم لایەنە گرنگەی کەسایەتی مرۆڤی فەرامۆش نەکردوە ،بۆیە یەم لایەنە ،بووەتە یەکێک لە ئەرکەکانی وبۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک پەندی خۆش وگاڵتەئامێز و پێکەنینهێنەر، هێنراونەتە ئاراوە.

**٣-ئەرکی گفتوگۆ یان دوان :**

ئەرکی گفتوگۆ یان دوان یەکێکیترە لە لە ئەرکەکانی پەندی پێشینان ، ئەمەش لە کاتی گفتوگۆدا ئەبێت کە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکێک لە بەشداربوانی گفتوگۆکە لەڕێگەی پەندی پێشینانەوە دەبێت .

**٤-ئەرکی رەوشتی فێرکاری و پەروەردەیی :**

پەندی پێشینان ئامانجی سەرەکی ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵکردنی رەوشت و هەڵسوکەوتی تاکە لەناو کۆمەڵدا بەپێی قییەمی رەوشتی ، ئەویش لەڕێگەی کورتکردنەوەی ئەزمونی پێشینانەوە، کە ئاڕاستەیان ئەکات بۆ رەوشتی بەرز و هانیان ئەدات بەرەو هەڵسوکەوتی راست کە وایان لێبکات جیاوازی بکەن لە نێوان حەق و ناحەق ،راست وهەلە لەگەڵ پێشنیازکردنی چەند یاسا و رێسایەک ، کە لەڕێگەیانەوە بەرەنگاری بەدرەوشتی ولادانی کۆمەڵایەتی ببنەوە .

**٥-ئەرکی ئیقناعپێکردن بە پاساو :**

پەندی پێشینان ، لەپاڵ ئەرکی پەیوەندیکردندا ، ئەرکێکیتریشی هەیە . ئەویش ئەوەیە ، کە وا لە خەڵک ئەکات کە بە هۆی بەکارهێنانییەوە .وەک پاساوێک ، باوەڕ بە پەندەکە بهێنن . ،تاوەکو گوێگر نمونەیەکی بۆ بهێنرێتەوە ،کە پاڵپشتی قسەکانی قسەکەر بکات ، تاوەکو وا لە گوێگر بکات ،کە قەناعەت بە قسەکانی بهێنیت .ئەم جۆرە ئەرکە لە بازرگانیدا زۆر سودی هەیە ، کە هەر یەکێک لە بازرگانەکان ، بەکاریئەهێنێت ، بەمەبەستی بردنەوە و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر.

**٦-ئەرکی ئاگادارکردنەوە :**

ئەم جۆرە پەندە رێگەیەکە بۆ ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ ،بەکاردەهێنرێت ، بۆ نمونە : کاتێک چیرۆکگێڕەوەکان ،چیرۆکێکی پێشینان دەگێڕنەوە ، کۆمەڵێک پەند بەکارئەهێنن ، کە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی گوێگران .

**٧-ئەرکی رەوشتی فێرکاری پەروەردەیی :**

ئامانجی پەندی پێشینان ، ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵکردنی رەوشتی تاکە لەناو کۆمەڵدا ، بەپێی بنەما رەوشتییەکانی ئەو کۆمەڵە ، ئەویش لە رێگەی کورتکردنەوەی ئەزمونی پێشینانەوە ، تاوەکو ئاڕاستەیان بکات بۆ رەوشتی بەرز و نمونەیی و هاندانیان بەرەو هەڵسوکەوتی راست بدات،بە شێوەیەک ، کە وایان لێبکات جیاوازی بکەن لە نێوان حەق و نا حەق ، راست و هەڵە ، لەهەمان کاتدا ،چەند یاساورێسایەکیش دیاریدەکات ، کە رێگەیانەوە ، بەرەنگاری بەدرەوشتی و لادانی کۆمەڵایەتی ببنەوە .

**٨-ئەرکی هونەری :**

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
عدد خاص لأبحاث المؤتمر الدولي الاول للعلوم الاجتماعية والانسانية
2022 / 8 / 22-21
اربيل- العراق
مركز مشورة للدراسات والتنمية

پەندی پێشینان هونەرێکە لە هونەرەکانی ئەدەبی میلی و خاوەنی خاسیەت و جیاوکی هونەرییە کە سادەیی و کورتی و چڕی لە واتادا، دەگرێتەوە ، هەروەها ئەم ئەم خاسیەتانەی وایکردوە ، کە ئەم جۆرە ئەرکە ، شوێنێکی دیاری هەبێت لە نێوان هونەرە ئەدەبییە میلییەکاندا و لە هەموشیان زیاتر باو و بڵاوبێت ، لەناو خەڵکدا .

- **رۆڵ و گرنگی پەندی پێشینان:**

١-پەندی پێشینان رەگەز و رەسەنایەتی نەتەوەیەک ئەنوێنێت ، هەڵگری بۆماوەی شارستانێتییە کە کۆمەڵێک قیەم و یاساورێسای رەوشتی و پرانسیپی تێدایە ، کە پێویستە تاک لەناو کۆمەڵدا ،پەیڕەویان بکات. ئەمەش ئەبێتە هۆی چەسپاندنی رەفتار و خورەوشتی باش و چاک لەناو گەلاندا .

٢-ئاوێنەی مێژویی هەزاران ساڵی ،نەتەوەکانە .

٣-زۆربەی پەندەکان ،پێوەرن بۆ پێوانی ئاستی هۆشیاری و کارامەیی و لێهاتویی ،کۆمەڵ بە گشتی و ئەندامانی کۆمەڵ ، بە تایبەتی . (٦)

٤-رێپیشاندەرە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەو ئاڵۆزییەکانی دێنە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵ و رێگەیەکە بۆ پاراستنی وشەی رەسەنی هەر میلەتێک .

**بەشی دوەم :**

**-دەلالە و دەلالەی کۆمەڵایەتی :**

ئەگەرچی زمانەوانانی کورد زاراوەی ( واتاسازی)و ( سیمانتیک) یان ، بەرامبەر ( علم الدلالة ) ،چەسپاندوە ،بەڵام لەڕاستیدا وشەی دەلالە چەمکێکی فراوانتری لە واتا هەیە ، بۆ نمونە : کاتێک حەزرەتی عیسا تێیدا لەدایک بوە ، بەڵام لای کرستیانەکان ، لەپاڵ ئەو واتایەدا دەلالەتی رۆژێکی پیرۆز ئەدات و هەرا سەری ساڵی نوێی زاینیش دیاری دەکات .

ئامانج و مەبەستی هەمو جۆرە پەیوەندیکردنێک لە نێوان کەساندا ، دەنگی بێت یان نا دەنگی ، گەیاندنی واتایە ، بە واتایەکیتر ، گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەو زانیارییانەیە ، کە لە مێشکی قسەکەردایە ، بۆ گوێگر (خوێنەر ) ، هەر کێشەیەک لەم گەیاندنەدا دروستبو لەو گەیاندنەدا ، واتەگەیاندنەکە سەرکەوتو نەبوە ، بەوەش پەیوەندییەکە دەپچڕێت . لەواتاسازیدا تا ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدراوەتەوە کە ئایا واتای واتا خۆی چییە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی تەواوی ئەم پرسیارە

( ئۆگدن وریچاردس ١٩٢٣) بە مەبەستی شیکردنەوەی واتای سێگۆشەیەکیان نەخشە کێشا ،سەری سێگۆشەکە بیر ( ناونان ) و دو جەمسەرەکەیتریشی بریتین لە هێما و ناونراو ( مادە) . لەو سێگۆشەیەدا پەیوەندی نێوان بیر و ناونراو ، پەیوەندییەکی راستەوخۆیە و پەیوەندی نێوان بیر و هێماش ، پەیوەندییەکی راستەوخۆیە ،بەڵام پەیوەندی نێوان ناونراو و هێما ، پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە ، بەلای هەندێک لە زمانەوانەکانەوە ، واتا بریتیە لە بیر ، کە سەری سێگۆشەکەیە ، بەلای هەندێکیتریانەوە زمانەوانە ( ئۆگدن و ریچاردز ١٩٣٦ ) کتێبێکی تەواو تەرخان بکەن بۆ شیکردنەوەی واتای واتا بە (٢٣) رێگەی جیاواز ، لەبەر ئاڵۆزی بابەتەکە ، کەواتە ناتوانرێت واتای واتا دیاریبکرێت .

( چۆمسکی ١٩٥٥: ١٤١ ) لەم بارەیەوە دەڵێت : واتا ئەو چەمکەیە کە بەوە ناسراوە، کە دیاریکردنی کارێکی گرانە .

( نوالا ٢٠١١ ) جەخت لە سەر ناجێگیری واتا دەکاتەوە ، چونکە واتا بە سێ شتەوە بەستراوەتەوە ( قسەکەر ، گوێگر ، دەوروبەر یان سیاق ) ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی چەندین بیردۆزی جیا جیا بۆ شیکردنەوەی واتا ، بێنە

کایەوە لەلایەن زمانەوانەکانەوە ، بۆ شیکردنەوەی واتا ، هێنرانە کایەوە ، وەک : ( ئۆگدن و ریچاردز ، فیتجنشتین ، چۆمسکی ، کریستەڵ ...... هتد ) .

لێرەدا رۆڵی گرنگی سیاق واتە دەوروبەر ، لەواتای پەندی پێشینان ، دەردەکەوێت ، واتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەلالە لە واتا فراوانترە هەربۆیە پەندی پێشینان چەمکێکی زۆر فراوانتری ،لە واتا ، هەیە و زۆر ئابوریشە و لە سنوری چەند وشەیەکدا ، یان لە سنوری رستەیەکی کورتدا
،چەمکێکی زۆر فراوان بە گوێگر ، دەگەیەنێت .واتە تێگەیشتنی تەواو ، لەلایەن گوێگرەوە ، بە هۆی چەمکەکۆمەڵایەتییە فراوانەکەوە ، هاتوەتەدی نەک بەهۆی واتای فەرهەنگی وشەکانەوە ، چونکە واتای فەرهەنگی سنوردارو دیاریکراوە و گۆڕانکاری تێدا رونادات بەپێی کات و شوێن و چین و توێژەکانی کۆمەڵ ، پێچەوانەی چەمکی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام بۆ پێی مێژو واتە کات و شوێن و چین و توێژەکان ، دەگۆڕدرێت . ئەو رستە کورتانەی کەلە چەند وشەیەک پێکهاتون و لەرێگەیانەوە پەندەکان دەگوێزرێنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر ، چیرۆکێکی درێژ یان بەسەرهاتێکی قوڵیان ، لە پشتەوەیە . کە لە پاڵ واتا فەرهەنگییەکەدا ، دەگاتە مێشکی گوێگر ، کە بێگومان چەمکێکی زۆر فراوانترە لە واتای فەرهەنديیەکە و لەوانیە لە هەندێک پەنددا بە هیچ شێوەیەک ، چەمک و واتاکە ، پەیوەندییان بە یەکەوە نەنێت چەمک لەوانەیە راستییەکی روت بێت ، لەوانەشە چەندین گریمانە بۆ لێکدانەوەی هەبێت ، واتە یەک روداو و هەزار لێکدانەوە و بۆچون ، کە ئەمانەش خۆیان لە خۆیاندا کاریگەری ئیجابییان ، لەسەر رەوشتی تاک هەیە کە پاشتر کاریگەرییە ئیجابییەکە بە گشتی هەمو کۆمەڵ دەگرێتەوە .
کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە زۆر پاپەندی پەندی پێشینانە ، هەر کەسێکی رەمەکی یا شاری ، خوێندەوار بێت یان نەخوێندەوار ، لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆدا ، لەمیانی قسەکانیدا و بۆ پشتیوانی قسەکانی ، پەنا بۆ پەندی پێشینان ئەبات ، بەڵام ئەم دیاردەیە زیاتر چینی نەخوێندەوار
دەگرێتەوە ، دیارە ئەم دیاردەیە هەر لەناو میلەتی کورد دا ، بڵاو نییە ، بەڵکو هەمو میلەتانیتریش
، بە تایبەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، هەمویان ، بەم شێوەیەن .نمونەیەکیش بۆ ئەم راستییە ، ئەو گفتوگۆیەیە کە لە نێوان نوسەری لوبنانی بەناوبانگ ( عبداللطیف فاخوری ) لە وتارێکیدا بە ناوونیشانی ( علم النفس بين الامثال الشعبية و نظريات بافلوف و فرويد ) لە ساڵی ( ٢٠١٣ ) دا ،
دەڵێت : پاش ئەوەی مامۆستای زانست باسی تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی ( بافلۆف ) ی بۆکردین کە چۆن سەگەکەی راهێنا بو ، پێش ئەوەی نانی بداتێ ، هەمو جارێک زەنگێکی بۆ لێدەدا ، پاشان نانەکەی بۆ ئەهێنا ، ئیتر سەگەکە راهاتبو بە جۆرێک هەرکاتێک زەنگەکەی گوێلێبوایە ، ئەگەر خواردنەکەشی بۆ نەهاتایە ، هەر لیک بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە وەک ئەو کاتەی خواردنەکە لەبەردەمیدا ئامادەبوایە ، کە ئەمە کاردانەوەیەکی مەرجییە بەرامبەر کارەکە، چوم ئەمانەم بۆ نەنکم گێڕایەوە ، نەنکیشم وتی : ئەو ئەفولۆفە کێیە ، بە مامۆستاکەت بڵێ : باپیری نەنکم پێش بافلۆفەکەی ئێوە و هەتا پێش ئەوەی لە دایکیش بوبێت و دایکیشی هاتبێتە دنیاوە ، لەم بوارەدا وتویەتی : ( يلي اتعود على خبزاتك ، كل ما شافك بيتلمظ ) ، واتە هەرکەسێک خواردنی خۆشی دەستی تۆ بخوات ، دواتر هەر کاتێک بتبینێت ، دەمی دەلێسێتەوە ، جارێکیتریش مامۆستای دەروونناسی باسی ( فرۆید ) ی بۆکردین ، کە وتویەتی : مرۆڤ هەرشتێک لە خەویدا دەبینێت ، ئەوە رۆنگدانەوەی ئەو شتانەیە کە بە رۆژ بیریان لێدەکاتەوە ، یان هەڵچونی چەپێنراوە ( کتم ) ، دیسان ئەمەشم بۆ نەنکم گێڕایەوە ، نەنکم پێی وتم : ئێمە هەر راهاتوین لاسایی بێگانە بکەینەوە ئەگینا پێش ( فرۆید ) باو و باپیرانمان وتویانە ( الجوعان بيحلم بسوق العيش – الفرن ) ، واتە برسی خەو بە نانەواخانەوە دەبینێت . هەر لە هەمان کاتدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبوەوە کە دکتۆر (

فۆرنۆف ) چەند تاقیکردەوەیەکی ئەنجامداوە بە مەبەستی نەهێشتنی پیری و ئێستاش سەردانی بەیروت بکات ، منیش نەنکم ئاگادارکردەوە و وامزانی بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش دەبێت ، بەڵام پێی وتم : ئەو بڕوانامەیەی ئێوە پێی دەڵێن ( دکتۆرا ) ئێمە و باوو باپیرانمان، پێمان دەوت ئامۆژگاری کە ئێستا باوی نەماوە لای ئێوە تۆ جارێک پێم ئەڵێیت بافلۆف و جارێک فۆرنۆف ، بەلام باپیرت خوا لێیخۆشبێت هیچ بڕوانامەیەکی نەبو ، بەڵام هەمیشە ئامۆژگاری ئەکردین و ئەیوت : ( رجوع الشیوخ الی الشباب ، دعاء لا یستجاب ) واتە : گەنجبونەوەی پیرەکان ، ئەو دوعایەیە کە قەت گیرا نابێت . ئەم وەڵامانەی نەنکم وایلێکردم پرسیارێک لە خۆم بکەم ، ئەویش ئەوەیە : ئاخۆ چەند لە تاقیکردنەوەو بیردۆزە دەرونییە زانستییەکان کە ئەمرۆ زاناکان شانازییان پێوە دەکەن لەو پەندانە وەگیراون کە مرۆڤ لە ئەنجامی بەسەرهات و تاقیکردنەوەی رۆژانە ، دەستیان کەوتوە . (٩)

**-پەیوەندی نێوان چینی هەژارو چینی دەوڵەمەند لە پەندی پێشینان :**

هەرلە دێر زەمانەوە مرۆڤ بەدەست جیاوازی چینایەتییەوە ، ناڵاندویتی ، چونکە پێکهاتەی هەمو کۆمەڵێک لە جیهاندا ، بریتین لە دو چین یەکەمیان دەوڵەمەندە،کە هەمو خۆشییەکانی ژیانێکی ئارامیان بۆ دابینکراوە بەبێ ماندوبون ، هەرچی چینی دوەمە : چینی هەژارە ، کە چینێکی هەمیشە ماندوی زەحمەتکێشە ،چونکە بە بەردەوامی ئەچەوسێتەوە لە پێناو خزمەتکردن و سودی چینی یەکەمدا ، کە چینی دەوڵەمەندە ،ئالێرەوە حاڵەتی نا یەکسانی ونا دادپەروەری ، دروستدەبێت لەناوئەو کۆمەڵەدا ،کە تیایدا دەژین ،ئەمەش وایکردوە کە چینی هەژار پەنا بۆ رێگایەک بەرێت هەتاکو پاڵەپەستۆی دەرونی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، ئەویش لە رێگەی رێکخستنی چەند وشەیەکی میلییەوە ، هەڵقوڵاوی دەوروبەری کۆمەڵەکەی خۆی کە گوزارشت لە خەمەکانیان بکات و ئامۆژگاری ئامێزیش بێت هەتا پاشتر ببێت بە میراتێکی میلی بۆ هەمو نەوەکانی دوای خۆیان وەک ئەزمونێک کە رێگە پیشاندەربێت و سود لە هەڵەکانیان وەربگیرێت، بێگومان ئەم میراتە میلی

هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ ئەگرێتەوە . زۆر پەندی کوردی هەیە کە رەنگدانەوەی جیاوازی چینایەتی و موعاناتی چینی هەژاری . تیایاندا بە رونی تێبینی ئەکرێت . (١٠)

**-دەوڵەمەندی بە دڵە بە ، ماڵ نییە .**

واتای ئەم پەندە ئەوەیە کە دەوڵەمەندی راستی ئەو کەسەیە کە خاوەنی دڵێکی گەورەیە و هەمیشە ئامادەیە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت چ بە ئامۆژگاری و قسەی چاک و چ بە یارمەتیدانی جەستەیی و بە پشتگرتنی حەق ، نەک ئەو کەسەی پارەی زۆری هەیە ،کە لەوانەیە هیچ کاتێک ئامادەنەبێت هاو- -کاری کەس بکات ، بەڵام لێکدانەوەی دەلالی لەو واتایە قوڵترە ، چونکە لایەنێکی دەرونی تێدایە کە وا لە گوێگری هەژار دەکات کە دلی لەخۆی دانەمێنێت و متمانەی بە کەسایەتی خۆی هەبێت لەبەر ئەوەی ئەتوانێت میهرەبان بێت و دڵی گەورە بێت و پێگەی خۆی لەناو خەڵکدا پەیدا بکات بەبێ ئەوەی خاوەنی پارە و دەوڵەتیش بێت . ئەمەو دەیان نمونەی دیکەمان هەیە کە جیاوازی چینایەتی تێدا دەردەکەوێت .

ئێستاش دێینە سەر لێکدانەوەی دەلالی ئەو پەندی پێشینانەی کە مامۆستای نەمر و بەرێزمان مامۆستا

عەلادین سەجادی ، لە کتێبەکەیدا ( دەقەکانی ئەدەبی کوردی ) دا بە لێکدانەوەوە ، خستویەتییەڕو :

**-ئاسنی سارد بە فو گەرم نابێت .**

مامۆستا عەلادین زۆر بە وردی زانایانە لە لاپەڕە ( ١٥٢ ) کتێبەکەیدا ، واتا و روداوی ئەم پەندەی رونکر

-دوەتەوە ، گوایە ئەو کەسەی وتویەتی ، بینیویەتی کەسێک هەرجارێک سەرمای بوە و دەستی رچاوە ، فویکردوە بە لەپی دەستیدا و بەهۆی گەرمایی فوەکەوە دەستی رەچاوییەکەی نەماوە و گەرم داهاتوە ئیتر

وایزانیوە ئەگەر فو بکا لەو ئاسنەش کە بەدەستییەوەیەتی ، بەگەرمی دەستی گەرمبێت و ئەوسا بتوانێت بیچەمێنێتەوە .

ئەم پەندەو هەمو پەندەکانیتریش لەپاڵ واتاکانییاندا ، دەشێت هەندێک شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەلالیشی لەپاڵدا بۆ بکرێت ، بۆ نمونە : ئەتوانین بلّێین کە ئەم پەندە واتای ئەوە دەگەیەنێت کەلەناو میلەتی کورددا لە زۆر کۆنەوە ، کەسانی زانا و دانا هەبون، کە لە دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەریان وردبونەتەوە و گەیشتونەتە هەندێک راستی و هوڵیانداوە بەپێی توانا و بەڕێگەی جیاجیا ، ئەو راستییانە بە خەڵک بگەیەنن

کە ئەمانە ئەو کەسانەن کە پەندەکەیان داناوە ، هەر هەمان پەند دەریدەخات کە میلەتی کورد لە پاڵ ئەم کەسە هۆشیارانەدا ، کەسانی ساکاریشی تێدایە ، ئەوانیش ئەوانەن کە وایانزانیوە کە چۆن ئەتوانن دەستی تەزیویان بە فو ، گەرمبکەنەوە ئاواش ئەتوانن ئاسنێش هەر بەفوکردن وای گەرمبکەنەوە ،کە بچەمێتەوە .

**-نە پێڵاوی تەنگ ، نە ماڵی بەجەنگ .**

مامۆستا عەلادین بەم شێوەیە واتای پەندەکە دەخاتەرو ( تاقیکردنەوە و تەجاربی ئەو کوردە دوشتی زۆر

بەلاوە زۆر ناهەموار بوە ، یەکێکیان پێڵاوی تەنگ، کە دایمە عەزییەتیداوە ، ئەویتریان ماڵی بە ئاژاوە، کە

مەمودەم عەزییەتی گیانی داوە ).

لەڕاستیدا لێکچواندنی دو ئازار ،کە بەهۆکاری جیاواز دروستبون ، ئە خۆی لەخۆیدا دەرخستنی شارەزایی تاکی کوردە لەو سەردەمە کۆنەدا ، لەپاڵ ئەمەشدا دەلالەی ئەوە ئەدات بە دەستەوە کە خێزانی کورد هەر

لە کۆنەوە زۆر لە ئاژاوەی خێزانیی، سڵیکردۆتەوە و زۆر لای زەحمەت بوە ،بۆیە چواندویەتی بە ئازارێک

کە مرۆڤ ناتوانێت تەحەمولی بکات ، هەمو کاروباری کورد لەو سەردەمەدا ، پێویستی بە دەست و قاچ

بوە ، بۆیە ئەگەر پێڵاوی هەرکەسێک تەنگ بوایە ، نەیدەتوانی لەبەر ئازاری پێیەکانی کارەکانی راپەڕێنێت.

ئەمەش دەلالەیەکی کۆمەڵایەتییە .

**-بەقسەی خۆش ، مار لە کون دێتەدەر .**

ئەمە ئامۆژگارییەکە کردویەتی بۆ ئە کەسەی قسەی لەگەڵ کردوە ئەویتر هەر بە توندوتیژی جوڵاوەتەوە لەگەڵ خەڵکدا ، ئەمیش پێیوتوە : نەرم و نیان بە ، تەنانەت ماریش بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەرەوە .

دەلالەی ئەم پەندە ئەوەیە کە کورد ئەگەر بە شێوەی زانستی و لە ڕێگەی بیردۆزیشەوە نەبیت ، ئاگای لە لایەنی دەرونی تاکی کورد بوەو ناڕاستەوخۆ خەڵکی ئاگادارکردۆتەوە کە قسەکردن و هەڵسوکەوتی هێمنا نە ، گارانتین بۆ چارەسەرکردنی هەمو جۆرە کێشەیەک ، لەهەمانکاتدا پەندەکە ئامۆژگاری ئامێزە ، لایەنی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕو .

**-پەتی سواڵێ ، مل دائەبڕێت .**

واتا : کابرایەکی دەرۆزەکەر ، تورەکەیەکی لە ملدابوە و هەر دەرۆزەکردن بو ، پەتی تورەکەکە ملی دابڕیوە و برینداریکردوە ، هەر تیماری و هەم برینداربوەتەوە ، کە ئەم دەردەی خۆی بۆ یەکێکتر

باسکردوە ، ئەویش پێیوتوە : ئەگەر تۆ بەردەوام خەریکی سواڵکردن بیت ، دڕینەکەت قەت ساڕێژ نابێت .

ئەم پەندە لەپاڵ لێکدانەوە واتاییەکەیدا ، زیاتر لە شیکردنەوەیەکی دەلالی هەیە، لەوانەش لایەنی رەوشتیە کە سواڵکردن بەکارێکی نابەجێ لەقەڵەم ئەدات ، ئەنجامی سولکردنیش هەر ملشۆڕییە ، و ئەنجامی هەمو کارێکی خراپە .. مل برینداربونەکە بۆتە هۆی ملشۆڕییەکە . لایەنێکیتری دەلالی ،لایەنی دەرونییە، مرۆڤ پێویستە متمانەی بەخودی خۆی هەبێ ڕێزلە بونی خۆی بگرێت وتوانای خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەکاربهێنێت ، چەند سەختیش بێت ، باشترە لەوەی ملشۆڕ و کەساسی بەردەم خەڵکانیتربێت، مرۆڤ کە متمانەی بەخۆی بو، کاری گران لەلای ئاسان ئەبێت لەلایەکی تریشەوە ئەم پەندە رونیدەکاتەوە کە کورد لەو سەردەمەدا باری ئابوری خەڵک بە گشتی باشبوە ،بۆیە سواڵکردن بەلایانەوە کارێکی نەشیاوە وهەتا رادەیەک عەیبیشە .

ئەم پەندانە هەرچەندە بە روخسار سادەوساکارن ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا زۆر پڕ واتا و دەلالەی گرنگن .

بێجگە لەو پەندانەی مامۆستا عەلادین ، هەزاران پەندیتر لەناو زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن ،کە هەر کۆمەڵێکیان دەلالە و لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە ، بەپێی کایەی بابەتەکە و چینایەتی ، بۆ نمونە :

١-دار هەڵبڕە ، سەگی دز دیارە .

٢-مار رقی لەسیر بو، لەبەردەم کونەکەیا سەوز ئەبو .

٣-کەر لە کوێ کەوتوە و کوندە لە کوێ دڕاوە .

٤-دوپشکە لە خۆی بەشکە .

٥-هەرچی گیای جوانە ، بزن دەیخوات .

٦-به بەردێک دو چۆلەکەی کوشت .

٧-ماسی لە بەحردا سەودا ناکرێت .

٨-وەک فەرمویانە پیاوانی حاڵی ، قەت بۆ گا نابێت گۆلکی خۆماڵی .

٩-ڕێوی جێی خۆی نەئەبۆوە .کلکیشی برد .

١٠-گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاو دەخۆن .

لەم پەندانەی سەرەوەدا ناوی ( ١٢ ) ئاژەڵ هاتوە ( سەگ ، مار ، کەر ، دوپشک ، بزن ، چۆلەکە ، ماسی،

گا ، گۆلک ، ڕێوی ، گورگ ، مەڕ )، مەبەست لەبەکارهێنانیان گەیاندنی واتا ومەبەستی جیا جیایە بۆ نمونە

لە پەندی یەکەمدا مەبەست لەوەیە،کە هەر سەگێک ئەگەر دزییەکی کردبێت،ئەوا هەرکە داری بینی بەرزکرا

-یەوە بۆلێدان، پێش هەمو سەگەکانیتر ئەترسێت ودور ئەکەوێتەوە ، کە لەناو مرۆڤیشدا بەهەمان شێوەیە

هەر کەسێک هەر جۆرە کەتنێکی کردبێت ، کە باس لەو کەتنە دەکرێت ،ئەو لەجێگەی خۆیەوە تێکدەچێت.

پەندی دوەم واتای ئەوەیە کە لەژیاندا هەمو شتێک بە خواست و ویستی ئێمە نییە هەتا زۆرجار شتەکان

پێچەوانەی خواستەکانیشمانە . پەندی سێیەم مەبەست ئەوەیە کە کەسانێک هەن لەناو کۆمەڵدا کە یان ناحاڵین ،و یانیش ئاگایان لە دنیا نییە و نازانن لە دەوریان چی ئەگوزەرێت ، بۆیە کاردانەوەکانی بەرامبەر

کارەکان ، نەگونجاون .بە هەمان شێوە پەندەکانیتریش کە ناوی ئاژەڵیان تێداهاتوە ، هەر یەکەیان ئاماژە بۆ شتێک دەکەن کە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵن و حیکمە و ئامۆژگاری ئامێزن لە گۆشە جیاوازەکانی ژیانی

ڕۆژانەی مرۆڤدا،بەڵام لە روی دەلالەوە هەمویان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئاماژەدەکەن

بۆ ئەوەی کە کورد پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سروشت و ئاژەڵەکانی ناو سروشت هەبوە ،ئەمەش

وایکردوە کە زۆر شارەزای رەوشتیان و هەڵسوکەوت و رەوشتیان بن و بزانن کامیان بە وەفان و کامیان مەترسیدارن و هاوڕێیەتیان لەگەڵ مرۆڤ نییە و چ کاتێک ئەو ئاژەڵانە ، ئەگەر دوژمنی یەکتریش

بن ، دەبن بە دۆستی یەکتری ،ئەم زانیاریيانە کە خەڵکی ساکاری ناو کۆمەڵ ، هەیانبوە ، زانانی بایۆلۆجی

سەدان ساڵ دوای ئەوان پاش تاقیکردنەوەی زانستی زۆر ، دەستیان کەوتوە .

ئەم پەندە کوردیانە لە هەمو پارچە و ناوچە جیاجیاکانی کوردوستاندا بە فۆرمی جیاواز بەکارهێنراون،

١-ئاو لەسەرچاوەوە لێڵە .

٢-لەهەمو هەورێک باران نابارێت .

٣-ئاگرەسورە لەخۆم دورە .

٤-ئاردی بن دڕک ، کۆناکرێتەوە .

٥-بەرد لە جێی خۆی سەنگینە .

٦-سەلکی سیریت ، یان قنچکی پیازیت .

٧-چەم بێ چەقەڵ نابێت .

٨-قەدری مانگ نییە ، تا نەگاتە شەو .

٩-نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب .

١٠-کێوێک ئەڕوخێ ، کەندەڵانێک پڕ ئەبێتەوە .

ئەم پەندانە واتاکنیان رونە ، بۆ نمونە : ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە ، راستییەک ئەگەیەنێت ، ئەویش ئەوەیە:

هەمو شتێکی خراپ ، لەسەرچاوەیەکی خراپەوە پەیدا ئەبێت ، شتێک لەسەرەتاوە بناغەکەی چۆن هات ،

هەرواش بەردەوام ئەبێت ، یان پەندی دوەم لەهەمو هەورێک باران نابارێت ، واتای ئەوەیە ، کە باران ،

دیاردەیەکی سروشتییە ، بۆ کشوکاڵ زۆر پێویستە و پێش ئەوەی ببارێت ، ئەبێت ئاسمان هەور بیگرێت

ئینجا بارانەکە دروستبێت ، بەڵام تێبینی دەکرێت کە هەندێک جار هەوریش ئاسمان دەگرێت ، بەڵام باران

نابارێت، پەندەکانیتریش هەریەکەیان واتا و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە ، کە بەستراوە بە هەمو لایەنە

جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤەوە، دیارە ئەم پەندانەش وەک هەمو پەندەکانی پێشتر، خاوەی واتاولێکدانەوەی

تایبەتی خۆیانن، بەڵام لەپاڵ ئەوانیشدا دەلالەی تاینەتییان هەیە کە چەند لایەنێک لە مێژوی نەتەوەی کورد

نیشان ئەدات ، وەک : ئاستی رۆشنبیری و ئاستی تێگەیشتنیان لە سروشت و چۆنییەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەورونەر و یاساکانی سروشدا ، چونکە یاساکانی سروشت بۆ هەمو کەسە ، بەڵام هەمو کەسیش

ناتوانێت بە تێگەیشتن و بە ( وعي ) هۆشمەندییەوە ، پەیڕەوی یاساکان بکات و خۆیان لەگەڵدا بگونجێنێت

کەواتە کورد لە مێژوە کۆنەوە زانیویەتی باران لە هەموجۆرە هەورێک دروست نابێت بەڵکو هەوری باران

، هەورێکە لە روی رەنگ وچڕی و پێکهاتنی کیمیاییەوە ، جیاوازە لەو هەورەی کە بارانی لێنابارێت ،

پەندی دوەم : ئاگرەسورە ، لەخۆم دورە ، لەروی لێکدانەوەی دەلالییەوە و بە پێی لۆجیک ،ئەم پەندە راستییەکە دو جەمسەری پێچەوانەی هەیە ، یەکێکیان دەلالەیە بۆ مرۆڤی خۆپەرست بەڕادەیەک ئەگەر هەمو دنیا بسوتێت بەهەر شێوەیەک ، مادام ئاگرەکە خودی خۆی دورە ، ئەو دەربەست نییە ، کەواتە

هەر دیاردەیەک یان هەرشتێکی نەرێنی روبدات ، ئەگەر ئەو نەگرێتەوە ، ئەوا بەهیچ شێوەیەک خۆی ناکات بە خاوەنی . جەمسەرەکەیتریشیان ، دەلالەیە بۆ کەسی بەڕەوشت ، کە لوت ناخاتە کاروبار و

کێشەی خەڵکیترەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە خۆهەڵقورتاننە ناو ژیانی تایبەتی خەڵکی کارێکی نابەجێ و رێگە پێنەدراوە بە پێی ئێتیکێتی جیهانی ، ئەمەش بە تەواوەتی پێچەوانەی دەلالەی یەکەمە .

ئاردی بن دڕک ، کۆناکرێتەوە . ئارد مادەیەکە ، کە پێکهاتەکەی زۆر وردە ، دڕکیش وەک دەزانین تیژە و

ئەگەر ئەو مادە وردە بڕژێتە ناو دڕکەوە ، تازە کەس ناتوانێت کۆی بکاتەوە ، چونکە دەستی ئەو کەسەی

بیەوێت کۆی بکاتەوە ، بریندار دەبێت ، ئەمە راستییەکی نەشاردراوەیە ، دەلالەکەشی ئەوەیە کە زۆر شت

لە ژیاندا هەیە ، بەدیهێنانی ، سەرو دەسەڵاتی مرۆڤە ، کە لە دەستی چو ، ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە ، بۆیە گرنگ ئەوەیە ئاگاداربێت و لەدەستی نەدا . بەرد لەجێی خۆی سەنگینە ، لەپاڵ واتاکەیدا ، کە بەشێکەلە رەوشتی مرۆڤایەتی ، پابەندبونی مرڤیشە بە خۆشەویستی خێزان و ئەندامەکانی خێزانەکەی ، چونکە ئەوان لە هەمو کەس باشتر شارەزای ژیانین و بەڕێگەیەکی شیاو لە هەمو بارودۆخێکدا ، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن کە ئەمەش وا دەکات کە مرۆڤ هەمیشە کەرامەتی پارێزراو بێت و بەچاوی رێز سەیربکرێت ، دیسان دەلالەی ئامۆژگارییەکی گشتی بۆ هەمو مرۆڤ ، تێدایە ، ئەویش ئەوەیە کە هەمو کەس ئەبێت ئەو خاکەی تێیدا لەدایکبوە ، بەجێینەهێڵێت و خۆشی بوێت ، چونکە هەر لەوێ هەست بە بونی خۆی دەکات و کەسایەتی بۆ دروست ئەبێت ،واتە مرۆڤ ئەبێت نیشتیمان پەروەربێت .

-خۆت نەیکەیت ، خوا بتداتێ .

-تۆبەی گورگ ، مەرگە .

-کەڵەشێرەیش نەبێت ، رۆژ دەبێتەوە .

-ئەوەی خوا نەیکات ، نابێت .

-خوا لە سوڵتان مەحمو گەورەترە .

-مردن کەری دەجالە ، لە هەمو ماڵە .

-خوا کڵاوی بۆ بەڕو کردوە .

ئەو پەندانەی سەرەوە ، لەپال واتا و ئەو ئامۆژگاری و دەرسە جیاوازانەی، ئەیدەن بە دەستەوە ، دەلالەیەکی تایبەتی ،کۆیان دەکاتەوە ، ئەویش ئیمانە ، لەڕێگەی ئەمجۆرە پەندانەوە ، بۆ هەمو کەس دەردەکەوێت کە کورد ، زۆر ڤێش بونی بە ئیسلام ، ئیمانی بە خوایەکی تاک و تەنیا ، هەبوە ،لەم دەربڕینانەدا ( خوا بتداتێ ، تۆبە ، رۆژ دەبێتەوە ، مردن لە هەمو ماڵە ، خوا کڵاوی کروە ) ، بە ئاشکرا دیارە کە کورد رەحم و بەزەیی و کاری مەزن ، هەموی دەگەڕێنێتەوە بۆ خوای گەورە .

بێگومان ، ئەگەر بمانەوێت دەلالەی هەمو پەندە کوردییەکان بخەینەڕو ، ئەوا بە دەیان کتێبیش تەواو نابێت

هەر بۆیە من لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، ئاماژەم تەنیا بۆ ژمارەیەک لە پەندە کوردییەکان کردوە ، ئەوەندەی بتوانم واتاو دەلالە لە یەکتر جیابکەمەوە .

**ئەنجام و پێشنیاز :**

١-پەندی پێشینان هەڵگری ئاماژەیەکە ، کە گەلێک لە گەلانیتر جیا ئەکاتەوە لە گەلانیتر ، واتە ناسنامەی راستیی گەلانە ،بەتایبەتی ئەو گەلانەی وەک گەلی کورد ، مافیان زەوتکراوە ،پەندەکانی

هەر گەلێک مێژوەکەی و ڕەسەنایەتی و ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیری ، دەردەخات .

٢-پەندی پێشینان ، ئەو چەکە شارستانییە کاریگەرەیە ،کە پێویستە گەلی ماف خوراو ، کە کورد یەکێکە لەوان ، بەکاریبهێنێت بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی ڕون سەرفراز .

٣-زۆر وشەی زمانی کوردی ، بەهۆی پەندی پێشینانەوە ،لە هەمو زارەکانی زمانی کوردی، بە زیندویی ماونەتەوە .

٤-ئەو ئامۆژگارییانەی لە ڕێگەی پەندەوە ئەدرێت بە نەوەکانی داهاتو زۆر کاریگەری زیاتری هەیە لەو ئامۆژگارییانەی لە ڕێگەی کتێبەکانی زانستی دەرون و ڕەوشتەوە ،پێیان ئەدرێت ، ڕەنگدانەوەی ئەم پەندانە ڕاستەوخۆ لە کارکتەری نەوە نوێیەکان ، تێبینی دەکرێت ،چونکە زۆربەی پەندەکان چیرۆکی کاریگەرییان لە پشتەوەیە .

٥-پەندی پێشینانی نوێ نییە ، ڕۆژانە لە قسەکردندا هەمیشە پەنادەبرێت بۆ پەندی کۆن ، چونکە ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا لەهەمو بوارەکانی جیهاندا جێگەی هەمو شتێکی گرتوەتەوە .

**پێشنیاز :**

١-لەڕێگەی ئەم کۆنفرانسە گرنگەوە ، دەنگمان بە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا ،

بگەیەنین و داوایان لێبکەین کە گرنگییەکی تایبەتی بدەن بە پەندی پێشینان لە پڕگرامی هەمو قۆناغەکانی خوێندن ، و هەر لە خوێندنی سەرەتاییەوە تا ناوەندی و دوا ناوەندی و زانکۆش ،هەوڵ بدرێت ،بابەتە مرۆڤایەتییەکان هەتا بتوانرێت لە ڕێگەی پەندەکوردییەکانەوە ، ڕونبکرێنەوە.

٢-لە قۆناغی زانکۆدا ، پەندی پێشینان ، بکرێت بە بەشێکی سەرەکی لە وانەی کوردۆلۆجیدا ، لە

هەمو بەشە زانستییەکاندا .

**سەرچاوەکان :**

سەرچاوە کوردییەکان :

١-شێخ محەمەدی خاڵ : ( ١٩٧١ ) ، پەندی پێشینان ، چاپی دوەم ، بەغداد .

٢-عەلادین سەجادی ؛ ( ١٩٧١ ) ، مێژوی ئەدەبی کورردی ، چاپی دوەم ، بەغداد .

٣-عەلادین سەجادی : ( ١٩٧٨ ) ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

٤-تارا عبدالله سعيد : ( ١٩٨٩ ) ، واتاسازی وشە ( نامەی ماستەر ) ، زانکۆی سلێمانی .

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**

١-غنية عابى : ( ٢٠١٦ ) ، الدلالات الاجتماعية في الامثال الشعبية – منطقة اولاد عدي لقبالة نموذجا ، رسالة ماجستير من جامعة محمد بوضياف بالمسيلة – الجزائر .

٢-فايز الداية ؛ ( ١٩٩٦ ) ، علم الدلالة العربي ، النظرية و التطبيق ، دارالفكر المعاصر ، دمشق ، سوريا .

٣- بولئوار علي ، مصطفى بشير ( ٢٠١٩ ) ، الدلالات الاجتماعية للامثال الشعبية ، مجلة كلية الاداب و العلوم الانسانية و الاجتماعية .

٤-محمد سعيدى : ( ٢٠٢٠ ) . الامثال الشعبيية ، المجلة الجزائرية في الانثروپولوجيا و العلوم الاجتماعية

٥-د. احمد مختار عمر : ( ١٩٨٢ ) ، علم الدلالة ، مكتبة دارالعروبة للنشر و التوزيع . جامعة الكويت.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

1-Chomsky . N, (1972 a ) Semantic interpretation in generative drammer : MIT press .
2-Crystal, O, (1997), (ED) The Cambridge encyclopedia of language, Cambridge: Cambridge University press.
3-Joseph Omoniy Friday – Otun ( 2018 ) A pragma – style – Semantic analysis of proverbs 26 , verses 4 , Ghana Journal of linguistics .
4-Lemon Grad ( 2016 ) , 150 Common proverbs with meanings and examples .
5-Chikmma Michael : (May 2019) , Semantic analysis of the Book of proverbs chapter 6: 6 -10 , University of Calabar , Lan confrance 2017 .
6-Dr. Misbah Mahmood Dawood, ( 2011 ), Semantics and Pragmatics, Mosul , DarIbn Al-Atheer – University of Mosul .

**پەراوێزەکان:**

1--https://www.google.com/search?client=firefox پەندی پێشینان لای عەلادین سەجاد

2-https://books..net/fa/text/27381 ویکیپیدیا ،ئینسکلۆپیدیای ئازاد .

3-https://www.noor-book.com /

4-سەجادی .دەقەکانی ئەدەبی کوردی، ١٩٧٨ .

5-د.عمر ، علم الدلالة ، ١٩٨٢ .

6-الكاتب علي و بشير ، الدلالات الاجتماعية للامثال الشعبية، ٢٠١٩ .

7-https://www.google.com/search?client=firefox

8- . Chomsky , Semantics interpretation in generative grammar ,1972

9-https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=LNG1&q=1

10-. Crystal , The Cambridge encyclopedia of language , 1972